فوئاد حسێن و ڕێبەر ئەحمەد گەیشتنە تورکیا و لەگەڵ هاکان فیدان کۆبوونەوە

فوئاد حسێن، ئەمشەو چوارشەممە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نوسیویەتی، گەیشتینە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بۆ ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەکی گرنگ، لەنێویاندا کۆبونەوەمان لەگەڵ برامان هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا.

وەزیری دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوەشداوە، لە کۆبونەوەکاندا لە ئەنقەرە "چەند بابەتێکی جێی بایەخی هاوبەش تاوتوێ دەکەین، لەسەرو هەمویشییانەوە لایەنی ئەمنی و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەروەها بەهێزکردنی هاریکاری و هەماهەنگی نێوانمان بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدا بێت".

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق سەرۆکایەتی وەفدی عێراق دەکات لەسەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە، بەگوێرەی ئەو وێنەیەی کە خۆی لەگەڵ راگەیەندراوەکەیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس دایناوە، رێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەروەها فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، لەنێو وەفدە عێراقییەکەدان.